گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
https://doi.org/10.26750/cc6dyt64
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 15/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 24/07/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/12/2025

# بنەما فەلسەفییەکانی فێرکردنی بیرکردنەوە لە دیدی «لێڤ ڤیگۆتسکی» لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە

[1] ژیار فاخیر حمدامین[1] حسن حسێن صدیق[2]
Hassan.25@uor.edu.krd - zhiar.fakhir@gmail.com
[1+2]بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە بیردۆزەی سۆسیۆکولتوری «ڤیگۆتسکی» و ئەوە پێشان دەدات کە فێربون، گەشەسەندنی هزری و بیرکردنەوە لە بنەڕەتدا و بە پلەی یەکەم هەڵقوڵاوی پرۆسەی جڤاکین و هاودەم جەخت لەسەر ڕۆڵی کارلێکی جڤاکی دەکات وەکو ئامرازێک بۆ گەشەسەندنی بیرکردنەوە. لەم توێژینەوەیەدا هێڵی هزری ڤیگۆتسکی وەکو پەروەردەناسێک ڕەنگرێژکراوە و کە لە زۆر شوێندا جیادەبێتەوە لە پەروەدەناسانی دیکە. ڤیگۆتسکی فێرخواز بە کارەکتەرێکی کارا و چالاک دەبینێت لە ژینگەی فێرکاریدا و تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەشەندن وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنێت کە چۆن دەتوانین لەڕێگەیەوە تێبگەین لەوەی کە فێرخواز دەتوانێت چی شتێک سەربەخۆیانە و بەبێ کۆمەکی و چی شتێکیش لەڕێی ڕێنوێنی و هاوکارییەوە فێرببێت. لە هەمان کاتدا ئەم ئامرازە، کاریگەرە بۆ بەرزکردنەوەی زانین (مەعریفە) لای فێرخواز، بیرکردنەوەش بەشێکی گەورەی زانینە. لە لایەکی دیکەوە ڤیگۆتسکی ئامرازگەلی وەکو هاوکاریی هاوتەمەنان، گروپکاری و زمانی وەک ئامرازێکی جڤاکی-فەرهەنگی دەکاتە بنەما بۆ گەشەکردنی هزر، فێربونی زانیاری نوێ و بیرکردنەوە. لەڕێی شرۆڤەکردنی ئەو باسانەوە تێدەگەین لەوەی کە چۆن بیرۆکەکانی ڤیگۆتسکی وەکو چوارچێوەیەکی هزری و فەلسەفی لە بواری فێرکاری و بەگشتی و گەشەسەندنی بیرکردنەوە بەتایبەت بەکاربهێنین.

**کلیلە وشەکان:** بنەمای فەلسەفی، فێرکردنی بیرکردنەوە، ڤیگۆتسکی، بیردۆزەی سۆسیوکولتوری.

# Philosophical Foundations of Teaching Thinking from the Perspective of Lev Vygotsky: An Analytical Study

**Zhiar Fakhir Hamad ameen[1] - Hasan Hussein Sadiq[2]**

[1+2] Philosophy Department, College of Humanities, University of Raparin, Rania, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract.

This study focuses on Vygotsky's socio-cultural theory and emphasizes that learning, cognitive development, and thinking are fundamentally and primarily social processes. It highlights the role of social interaction as a key element and uses it as a framework for understanding cognitive growth. In this paper, Vygotsky's intellectual stance is presented as a distinctive educational perspective that sets him apart from many other theorists. He views the learner as an active and dynamic participant within the learning environment and applies the theory of the Zone of Proximal Development (ZPD) to explain what learners can achieve independently and what they can learn with guidance and support. This model is also shown to be effective in enhancing learners' knowledge, with thinking considered a central component of knowledge itself. Additionally, Vygotsky regards tools such as peer collaboration, group work, and language as essential socio-cultural instruments that foster cognitive development, the acquisition of new knowledge, and deeper thinking. By exploring these concepts, we can better understand how Vygotsky's ideas serve as an intellectual and philosophical framework in the field of education—particularly in developing thinking skills.

**Keywords:** Philosophical Foundation, Learning of Thinking, Vygotsky, Socio-Cultural Theory.

## پێشەکی

پەروەردە یەکێکە لەو باسانەی کە لەمێژ ساڵە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ژیانی مرۆڤدا ئامادەیی هەبوە و یەکێکە لە پرسە هەرگرنگ و ئالۆزەکان لە ژیانی مرۆڤدا. چونکە ئامادەکردنی مرۆڤ و ڕێکردنی لەگەڵ پێشکەوتنە لەناوکاو خێراکانی سەردەم ڕۆڵی پەروەردەیە، بەڵام هاوکات سەرلەبەری بواری پەروەردە پەیوەستییەکی قوڵی بە پرسی فەلسەفەوە هەیە، چونکە پەروەردە لەڕێگەی بە کردەکیکردنی تیۆرە فەلسەفییەکان پتر دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بەرەوپێشبردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاڕاستەکردنیان ڕوە و جیهانێکی پێشکەوتو پڕ لە داهێنان. لەو ڕوانگەیەشەوەیە لەئێستەدا چیدی ڕۆڵی پەروەردە تەنیا ئەرکی فێرکردنی خوێندنەوە و نوسین و گواستنەوەی مەعریفە و زانیاری نێو پەرتوکەکان نییە و لەو چوارچێوەیەدا قەتیس ناکرێت، بەڵکو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا واقیعییەتی سەردەم داوای جۆرێک لە

مرۆڤی خاوەن بیرکردنەوەی قوڵ و دیدگەی داهێنەر و ڕەخنەگرانە دەکات، کە ئەمەش ئەرکی پەروەردەیە کە بەو ڕۆڵە گرنگە هەستێت کە تاکیکی بیرکەرەوە دروست بکات، بۆ ئەوەی توانستی خۆبەرەوپێشبردنی هەبێت و لەگەڵ ئەو گۆڕانە خێرا و لەپڕەی سەردەم هەڵبکات. ڤیگۆتسکی وەک فەیلەسوفێکی پەروەردەیی گرنگی زۆری بە پرسی بیرکردنەوە و چۆنیەتی گەشەسەندنی داوە، بۆیە لەم توێژینەوەدا جەخت خراوەتە سەر دید و بۆچونی ئەم فەیلەسوف و پەروەردەناسە کە لەڕێگەی بیردۆزەیەک بە ناوی سۆسیۆکولتوری (فەرهەنگی - جڤاکی) خراوەتەڕو، پاشان چەمکە سەرەکییەکانی بیردۆزەی ڤیگۆتسکی خراونەڕو، کە بریتین لە کارلێکی جڤاکی، نزیکترین زۆنی گەشەسەندن، زمان و بیرکردنەوە، چەمکزانی و ... گرنگیان لە پرۆسەی فێرکاری و ڕۆڵیان لە فێرکردنی بیرکردنەوەدا پێشان دراوە.

**گرفتی توێژینەوە:** بریتییە لە خستنەڕوی تێگەیشتنێک بۆ فێرکردنی بیرکردنەوە لای (لێڤ ڤیگۆتسکی)، بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدات. لەوانە: ئایا مرۆڤ وەک زیندەوەرێکی بیرکەرەوە پێویستی بەوە هەیە فێری بیرکردنەوە ببێت؟ تا چەند مرۆڤ گرفتی لەگەڵ چۆنیەتی بیرکردنەوەدا هەیە؟ تا چەند پەروەردەی هاوچەرخ توانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لە ئافراندن و فێرکردنی بیرکردنەوە لای فێرخواز؟ گرنگترین ئەو بنەمایانە چین کە ڤیگۆتسکی دەیانخاتە ڕو بۆ پرسی فیرکردنی بیرکردنەوە؟ چۆن بیرۆکەکانی (ڤیگۆتسکی) دەتوانن چارەسەری ئاستەنگییەکانی بەردەم فێرکردنی بیرکردنەوە بکەن لای فێرخواز؟ هەروەها چۆن دەتوانرێت گەشە بە توانستی فێرکردنی بیرکردنەوە لای فێرخواز بدرێت لە ڕوانگەی (لێڤ ڤیگۆتسکی)یەوە؟

**گرنگی توێژینەوە:** پێشاندان و خستنەڕوی شێوازێک لە فێرکردنی بیرکردنەوە لە پێناو بونیادنانی مرۆڤێکی خاوەن بیرکردنەوەیەکی قوڵ، ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە. بۆ ئەم مەبەستەش لەو توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی زانستییانە ڕوانگەی «لێڤ ڤیگۆتسکی» کراوەتە بنەما بۆ چۆنیەتی فێرکردنی بیرکردنەوەی فێرخواز لە پرۆسەی فێرکاریدا. سودی ئەم توێژینەوەیە زیاتر لە بواری پەروەردە و فێرکردنی فێرخوازانی قۆناغ جیاوازەکانە بەتایبەتی بابەتی چۆنیەتی بیرکردنەوە و ستراتیژییەکانی چارەسەری گرفتەکان.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا سود لە میتۆدی شیکاری وەرگیراوە، لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە هەوڵدراوە شیکردنەوەیەک بکرێت بۆ تێروانین و بۆچونەکانی (ڤیگۆتسکی) لەبارەی چۆنیەتی فێرکردنی بیرکردنەوە لە پرۆسەی فێرکاریدا.

**ئامانجی توێژینەوە:** گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:

1. دەرخستنی گرینگی بیرکردنەوە لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا.
2. خستنەڕوی بیردۆزەی جڤاکی – فەرهەنگی، دیاریکردنی گرنگترین بنەما فەلسەفییەکان، بەمەبەستی پێشاندانی کاریگەریی بیردۆزەکە لەسەر فیرکردنی بیرکردنەوە.
3. کولتور و ژینگەی جڤاکی کاریگەریی گەورەیان هەیە بە سەر پرۆسەی فێربون و بیرکردنەوەدا لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکی.
4. لەڕێگەی خستنەڕوی تیۆری نزکترین زۆنی گەشەسەندن لە بیردۆزەی سۆسیوکولتوری ئەوە پێشان دراوە شێوازی فێرکردن کاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر دروستکردنی تاکێکی بیرکەرەوە.
5. پێشاندانی پەیوەندی و کارلێکی نێوان زمان و هزر و ڕۆڵیان دروستکردنی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ڕەخنەگرانە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** لە سێ باس پێکهاتوە، لە باسی یەکەمدا، تیۆری سۆسیۆکولتوری (جڤاکی - فەرهەنگی) خراوەتەڕو لە ڕوانگەی «لێڤ ڤیگۆتسکی» و بەشێوەیەکی شرۆڤەیی ڕاڤەی ئەم باسە کراوە. باسی دوهەم تەرخانە بۆ پەیوەندی

نێوان گەشەسەندن و فێربون، کە ڤیگۆتسکی لەڕێگەی تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەسەندنەوە ئەو پرسە پێشان دەدات، هاودەم باسی کاریگەریی ئەم تیۆرەش دەکەین لەسەر فێرکردنی بیرکردنەوە لای فێرخواز، ئەمەش بە قوڵبونەوە لە سەرلەبەری تیۆرەکە و خستنەڕوی میتۆدە کاریگەرەکانی تیۆرەکە. هەرچی باسی سێهەمیشە جەخت لە گرنگی و ڕۆڵی زمان دەکاتەوە لە گەشەکردنی بیرکردنەوە بەتایبەتیش لە بواری فێرکاریدا.

## باسی یەکەم: کاریگەریی بیردۆزەی جڤاکی – فەرهەنگی (سۆسیۆکولتوری) لەسەر فێرکردنی بیرکردنەوە

مرۆڤ خاوەنی بیرکردنەوەی باڵایە و ئەم بیرکردنەوە لە مرۆڤدا جینڕێژە، ئەمەشە خاڵی جیاکەرەوەی لە بونەوەرەکانی دیکە. بیرکردنەوە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت چالاکانە بەشداری لەسەرجەم کایەکانی ژیان بکات، بەتایبەتیش ڕوبەڕوبونەوەی بەرۆکگیرییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان. پەروەردەکاران لەسەر ئەوە کۆکن کە یەکێک لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی پەروەردە، هەناوچێنکردنی بیرکردنەوەیە لە فێرخوازاندا. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە پرۆسەی فێرکاریدا دەرفەتی تەواو برەخسێندرێت بۆ پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوە لای فێرخوازان، چونکە ئەو کارامەییە زگماک نییە و لە کەڵەکەبونی پەتی زانیاریشەوە بەدەست نایەت، بەڵکو پێویستی بە سیستەمێکی فێرکاری ئامانجدارە تاوەکو ئەم کارامەییە بکاتە باسێکی گرنگ لە پرۆسەی فێرکاری و گوزەرانی فێرگەدا. لەم توێژینەوەیەدا بیردۆزەی «لێڤ ڤیگۆتسکی» کراوەتە بنەما کە یەکێکە لە فەیلەسوف و پەروەردەناسە گرنگەکانی بواری فێرکاری، گرنگی زۆری بە پرسی بیرکردنەوە و پەرەپێدانی لای مرۆڤ بە گشتی و منداڵ بەتایبەتی داوە. ئەم پەروەردەناسە جەختێکی زۆری لەسەر کاری مامۆستایان و فێرکارانە و پێیوایە ئەوان دەتوانن ڕۆڵی گرنگ ببینن لە چاندنی ئەو کارامەییەدا لە دەرون و هزری فێرخوازاندا.

«لێڤ ڤیگۆتسکی» یەکەمین بیرمەندە کە «فەرهەنگ - کولتور» وەکو ئامرازێکی گرنگی فێرکاری تەماشا دەکات، هەر بۆیەشە بە دامەزرێنەری تیۆری جڤاکی – کولتوری (سۆسیۆکولتور) دادەنرێت. تیۆری سۆسیۆکولتوری ڤیگۆتسکی پتر ڕەهەندێکی جڤاکی دەکاتە بنەما بۆ پرۆسەی فێربون، واتە کارلێکی جڤاکی بەهەند دەگرێت و پێیوایە ئەم کارلێکە کاریگەریی لەسەر تاکەکان هەیە. بە مانایەکی دیکە باوەڕی وەها بو، ژینگەی جڤاکی پەیوەندییەکی پتەوی بە فێربونی تاکەوە هەیە، چونکە لەو ژینگەیەدا مرۆڤ ئامرازە کولتورییەکان وەکو بەردەبازێک بەکاردێنی بۆ ئەوەی لە مێژوی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی تێ بگات و گەشە بکات (سەعید، 2020: 4). کەواتە ڤیگۆتسکی لە بیردۆزەکەیدا جەختی زۆری لەسەر کارلێک و پەیوەندی جڤاکییە، چونکە لە دیدی ئەو فێربون دابڕاو نییە لە ژینگە و کارلێکی جڤاکی. واتە بۆچونی وابو لە ژینگەی جڤاکیدا، بەکارهێنانی زمان، گفتوگۆ و کارلێک لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، هەمو ئەمانە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر گەشەسەندنی پرۆسەی فێربون هەیە. بە مانایەکی دیکە بۆیە بایەخ بە کارلێکی جڤاکی دەدات، چونکە فێرخوازان لە دەمی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەی جڤاکیدا توانستی بەدەستهێنانی زانیار و پەرەپێدانی چەمکەکانیان هەیە، واتە پەیداکردنی ئەو توانستە سەنگی خۆی هەیە لە پێڤاژۆی فێرکاریدا، چونکە یارمەتیی فێرخواز دەدات لە گەشەسەندنی زانیار و سەرخستنی توانستی فێربونیان (ویستۆود، 2022: 13).

ڤیگۆتسکی، پەیوەست بە گرنگی کارلێکی جڤاکی، لە ژیانی مرۆڤدا لە تەمەنی کۆرپەیی (قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی منداڵ) ڕەچاوەگرێت. باوەڕی وەهایە، لە کاتێکدا لەم تەمەنەدا منداڵ ناتوانێت قسە بکات، بەڵام دەتوانێت لەگەڵ گەورەساڵان پەیوەندی دروست بکات، بەڵام نەک بە زمان و قسەکردن. بەکارنەهێنانی زمان لەم پەیوەندییەدا لەلایەن منداڵانەوە بەرانبەر گەورەساڵان (دایکوباوک و دەوروبەر) ناکاتە ئەوەی توانستی ئەوەی نەبێت کە پەیوەندی دروست

بکات. بۆ نمونە کاتێک دایکوباوک لەگەڵ منداڵدا دەدوێن و قسە و ئاماژەی جیاواز ئاڕاستەی کۆرپەکەیان دەکەن کۆرپەش کاردانەوەی دەبێت بەرانبەر ئەو ئاماژانە، ئەگەرچی بە زمانیش نەبێت. واتە دروست نییە بەکارنەهێنانی زمان لە لایەن کۆرپەوە بە نەبونی توانای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گەورەساڵان لێکبدرێتەوە، چونکە لەم قۆناغەدا لەجێگەی زمان ئامرازی دیکەی وەکو: زریکاندن، گروگاڵ، ڕوگرژی، چاوتروکاندن، پێکەنین و ... بەکاردەهێنێت بۆ سازکردنی ئەو پەیوەندییە (سەعید، 2020: 55). بۆیەشە ڤیگۆتسکی لەڕێی هێنانەکایەی بیردۆزەکەیەوە، ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە گۆڕینی بۆچونی فێرکاران لەمەڕ کارلێکی منداڵ لەگەڵ ئەوانی دیکە. ئەوەی پێشان دا کە گەشەسەندنی جڤاکی و هزری کار لە یەکتری دەکەن، واتە گەشەسەندنی هەریەکێکیان هاندەرە بۆ گەشەی ئەوی دیکە. فێرکارانی بەر لە ڤیگۆتسکی کە بە بیردۆزەکانی پیاژێ گۆشکرابون بەتایبەتی «لورانس کولبرج» پێیوابو زانینی منداڵ بەرتاوی ئەزمونی کەسەکیی خۆیەتی، بە واتایەکی دیکە تەنها ئەزمونی کەسەکیی منداڵ کاریگەریی لەسەر بونیادنانی مەعریفی هەیە. ئەگەرچی ڤیگۆتسکیش هاوڕا بو لەگەڵ ئەو بۆچونە، بەڵام باوەڕیشی وەها بو کە ئەزمونی کەسەکی و ژینگەی جڤاکی لەیەکتر جوداناکرێنەوە، چونکە ئەو ژینگەی منداڵ تێیدا دەژیەت شێوەڕێژکراوە بە فەرهەنگ، جڤاک، خێزان، فێرکردن و ... کەواتە بەشێکی زۆر لە تێگەیشتنی منداڵ لەمەڕ دونیای دەوروبەری زادەی ژینگەی جڤاکی، بەها، باوەڕی گەورەساڵان و منداڵانی نێو ژیانییەتی (مونی، 2022: 82).

بەپێی بیردۆزەی جڤاکی-فەرهەنگیی ڤیگۆتسکی، هەر لە سەرەتایی تەمەنەوە سیستەمی جڤاکی مۆرکی تایبەتی خۆی لە چالاکی منداڵ دەدات بە ئاڕاستەی ئامانجێکی دیاریکراو و منداڵ وەکو ئاوێزە بەکاردەهێنێت بۆ پەرشکردنی سیستەمی جڤاکی بەسەر دەوروبەردا. بە مانایەکی دیکە ژینگەی کولتوری – مێژویی کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر فێربونی منداڵ هەیە، چونکە منداڵ لە چوارچێوەی ژینگە و مێژویەکی دیاریکراو ژیان بەسەر دەبات، بەمەش دەتوانێت سود لەو کارلێکە جڤاکییانەی نێوان خۆی و دەوروبەر ببینێت و هەر ئەمەشە لای ڤیگۆتسکی بە پاڵنەری سەرەکیی فێربون ئەژمار دەکرێت (سەعید، 2020: 49). پاڵپشت بەوە بەشێکی یەکجار زۆری مەعریفە لە لای مرۆڤ بەدەست دێت لە ئەنجامی بەرکەوتی لەگەڵ کەسانی دیکەدا. واتە بەشێکی یەکجار کەم لە مەعریفە بەرەنجامی داهێنان و دۆزینەوەی کەسییە. بۆ نمونە پێگرتن و ژماردن لە بەرکەوتمان لەگەڵ دایک و باوک، خوشک و برا و کەسانی دیکەی نێو ژیانمانەوە فێری دەبین. لە بواری فێرکاریشدا بەرهەمی ئەم بەرکەوتە گەشەسەندنی بەدەمەوەیە و ئەم بەرکەوتەش دەشێ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت. ڕاستەوخۆ مەبەست ئەوەیە کەسەکە بەرکەوتەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا هەیە، بەڵام بەرکەوتەی ناڕاستەوخۆ دەشێ لەڕێی کتێب، فیلم یان سایتێکی ئینتەرنێتەوە بێت. کە لەڕێگەیانەوە ئاشنا دەبین بە بیروڕا و هەستی ئەوانی دیکە (Arevik، 2021: 30-31). کەواتە منداڵ لەخۆوە و لەبۆشاییدا فێر نابێت، بەڵکو کارلێکی جڤاکی و کارکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەرفەت بۆ ئەو فێربونە دەرەخسێنێت، لێرەوە بۆ تێگەیشتنێکی ورد لە منداڵ، تەنها ئەوەندە بەس نییە کە لە خودی منداڵە ورد بینەوە، بەڵکو دەبێت لە بەستێنە جڤاکی و فەرهەنگییەکەشی تێ بگەین، بەپێی ئەم بیردۆزە، منداڵ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەڕوی بایۆلۆژییەوە نەرمەکارە بۆ گونجان لەگەڵ دەوروبەردا. گەشەی جڤاکی و هزری منداڵ تەواو سەربەخۆ نییە، بەڵکو پەیوەستە بە تێکەڵبونی ئەو منداڵە بە کەسە نزیک و گرنگەکانی نێو ژیانییەوە (مەعروفی، 2022: 82).

پشتبەست بەوە، لە تیۆری سۆسیۆکولتوریدا، منداڵ زادەی هێزێکی ئاسمانی نییە هێندەی زادەی ئەو ژینگە جڤاکییەیە کە تێیدا دەژیەت. واتە منداڵ لە ئەنجامی کارلێکی لەگەڵ دەوروبەردا هەم کولتور بەرهەمدەهێنێت و هەمیش بەکاریدەهێنێت. پەیوەست بەوە ڤیگۆتسکی پێداگری لەسەر دو خاڵی گرنگ دەکات، کە ئەوانیش:پەیوەندی نێوان

منداڵ و کولتور پەیوەندییەکی دولایەنەیە، واتە هەردوکیان کار لە یەکدی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە، منداڵ بکەرێکی چالاک و کارایە و هەم بەشی خۆی لە ژینگەی جڤاکییەکەی وەردەگرێت، هەمیش کاریگەریی خۆی لەسەر ئەو ژینگەیە بەجێ دێڵێ. واتا ژینگە کار لە منداڵ دەکات و لە هەمانکاتدا منداڵ لەناو ژینگەکەدا دۆخەکان بەو ئاراستەیەدا ببات کە خۆی دەیەوێت، چونکە بکەرێکی جڤاکیی کارایە (سەعید، 2020: 49-48). لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین بیرۆدزەی سۆسیۆکولتوری کە پتر جەختی لەسەر ڕەهەندێکی جڤاکییە وەکو بنەما بۆ پرۆسەی فێربون، بەرمەبنای ئەوە گەشەسەندنی مەعریفی لای ڤیگۆتسکی لەسەر دو کۆڵەکەی گرنگ وەستاوە، ئەوانیش: نێوەندگیری (لەڕێی دەستاوێژە کولتورییەکان) و هەناوچێنکردن.

**١. نێوەندگیری**

«نێوەندگیری» بەکاربردنی نیشانە و دەستاوێژە کولتورییەکانی وەکو (زمان. هێما، سیمبول، ...)ە بەمەبەستی ئافراندنی بیرکردنەوە، بەپێی ئەم بیرۆدزە نێوەندگیری باسێکی گرنگە لە گەشەسەندنی مەعریفە، لەبەرئەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەی دەوروبەر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆیە پێویستی بە ئامرازگەلێک هەیە کە نێوەندگیری بکات بۆ ئەوەی توانستی دەرککردن، پەیبردنی هەبێت بە جیهانی دەوروبەر و لە هەمانکاتدا یارمەتی دەدات لە گەشەسەندندا (رشتچی، 2010: 13). ڤیگۆتسکی ئەو ئامرازگەلەی کە پەیوەندی قوڵیان بە گەشەی مرۆڤەوە هەیە کە بە «ئامرازە کولتورییەکان»ی ناودێر کردون، کە بەرهەمی پەرەسەندنی جڤاک – کولتورن. واتە ئەم پەرەسەندن و گەشەسەندنە سروشتی نییە، بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا. واتە مرۆڤکردن و لەڕێی کردەی جڤاکییەوە بەرهەم هاتون، کاریگەریی گەورەیان لەسەر گەشەی مەعریفەی مرۆڤ و پەرەدان بە توانای بیرکردنەوەوە هەیە. مرۆڤ بەهۆی ئەو ئامرازانەوە کە بەدرێژایی ژیان ئافراندونی گۆڕانی گەورە و ڕیشەیی لە مێژودا دروست کردوە (McLeod، 2014: 4). پشتبەست بەوە ڤیگۆتسکی ئامرازە کولتورییەکان بەسەر دو دەستەدا دابەش دەکات، ئەوانیش:

یەکەم: ئامرازە دەرەکییەکان (فیزیکییەکان): ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە لە ژینگەی دەرەوەی مرۆڤدا بونیان هەیە و کار لە مرۆڤ دەکەن. بۆ نمونە: کاخەز، مێز، کەوچک، پێنوس ... هەروەها کاتژمێر یەکێکە لە ئامرازە دەرەکییەکان کە بەهۆیەوە دەتوانین پلانڕێژی بکەین، ڕیزبەندییان بکەین و کەی چ کار بکەین و کەی وازی لێ بهێنین.

دوهەم: ئامرازە ناوەکییەکان (دەرونییەکان – مێنتاڵییەکان): ئەو ئامرازانەی ناو هزرن کە مرۆڤ بەمەبەستی ئافراندنی بیرکردنەوە و چارەی گرفتەکانی بەکاریان دەبات، وەکو: سیمبول، هێما، سیستەمی ژماردن، نوسین، نەخشە، ... لەسەروی هەموشیانەوە زمان، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە سازکردنی پەیوەندی جڤاکی لەگەڵ ئەوانی دیکە و هاودەم هۆکارە بۆ ئافراندنی بیرکردنەوە. کەواتە ئامرازە ناوەکییەکان (دەرونییەکان) پەیوەستن بە هەردو ئاستی هزری و کارلێکی جڤاکی مرۆڤەوە کە ڕویان لە ناوەوەی مرۆڤە، واتە لەناو زەین بەکاردیت و کاریگەریشی لەسەر زەینی مرۆڤ هەیە ( & Palincsar Scott، 2013: 2).

لێرەدا ڤیگۆتسکی ئاماژە بەوە دەکات، وێرای ئەوەی ئێمەی مرۆڤ لە جیهانی فیزیکیدا پێویستمان بە کەرەسەی دیاریکراوە بۆ ئەنجامدانی هەر کار و چالاکییەک، بە هەمان شێوە بۆ تێگەیشتن و دەرککردنی جیهانی دەوروبەر، کارلێکی جڤاکی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانمان لەتەک ئەوانی دیکە پێویستمان بە نێوەندگیرێک هەیە. کەواتە لێرەدا هاوشێوەی ئامرازە فیزیکییەکان کە مرۆڤ کردە و چالاکییەکانی لەرێیەوە ئەنجام دەدات، ئامرازە دەرونییەکانی وەکو: سیمبول، هێما، ژمارە، هونەر، نوسین، هێلکاری، نەخشە و لە سەروی هەموشیانەوە زمان، دەبنە نێوەندگیرێک لەنێوان مرۆڤ و جیهانی دەوروبەری بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە و گەشە بکات بیرکردنەوەکانی بکاتە هەوێنی داهێنان (Shabani، 2016: 10). کەواتە

مرۆڤ تەنها جەستەیەکی بایەلۆژی نییە لای ڤیگۆتسکی کە لە هەراشبون و گەورەبونیدا گەشە بکات، فێرببێت و زانستی نویێ بەدەست بهێنێت، بەڵکو هۆکاری بەرەوپێشچون و هەوێنی داهێنانەکانی مرۆڤدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامرازە کولتورییەکان، کە تێکەڵەیەکن لە ئامرازی فیزیکی و دەرونییەکان (سەعید ٢٠٢٠, ٤٧). بەڵام وێڕای گرنگی هەردو جۆری ئامرازە کولتورییەکان. ڤیگۆتسکی پتر سەرنجی لەسەر ئامرازە دەرونییەکانی وەکو (زمان، سیمبول و هێما)ە، چونکە لەڕێگەی ئامرازە دەرونییەکانەوە یەکێک لە کارکردە باڵاکانی مێشک کە بیرکردنەوەیە دەئافرێت. هاودەم مێشکیش وەک باڵاترین ئەندامی مرۆڤ دو پرۆسەی گرنگی تێدا ڕو دەدەن، کە بریتین لە:

١. پرۆسە دەرونییە بنەڕەتییەکان ئەوکارە بایەلۆژی و سروشتیانەن کە مرۆڤ و ئاژەڵان تییدا هاوبەشن و لە دەرەوەی دەستەڵاتی مرۆڤدا ڕو دەدەن، واتە هەم مرۆڤ و هەم ئاژەڵیش بەسەر ئەو پێڤاژۆیانە زاڵ نین و ناتوانن ئاڕەستەیان بکەن. پتر هەڕەمەکین نەک پلان بۆ دارێژراو. بۆ نمونە، ڕاچڵەکان لە کاتی بیستنی دەنگێکی بەرز، واتە هەم مرۆڤ و هەمیش ئاژەڵ لە دوای بیستنی دەنگی بەرز نائیرادی و بەبێ ویستی خۆیان کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت و ڕادەچڵەکێن و دەترسن.

٢. پرۆسە دەرونییە باڵاکان: ئەو پرۆسەیە لەسەر بنەمای پرۆسە بنەڕەتییەکان پەرە دەسەنن، ناسروشتین و لەژێر دەستەڵاتی مرۆڤدان و لەڕێگەی سودوەرگرتن لە ئامرازە کولتورییەکان، توانای زاڵبونی هەیە بەسەریاندا. پرۆسە دەرونییە باڵاکان وەکو: تێروانین، بیرکردنەوەی لۆژیکی، شرۆڤەکاری و شیکاری، یادەوەری و بەکارهێنانی زمان، کە لە ڕێگەیانەوە زانینی خۆی بەرەو پێش دەبات، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هۆشمەندی مرۆڤەوە هەیە، کۆی ئەوکردانە دەگرێتەوە کە مێشک بەشێوەیەکی هۆشیارانە ئەنجامیان دەدات (داورپناه، 2019: 61).

### ٢. هەناوچێنکردن (بەناوەکیکردن)

بەپێی بیردۆزەی سۆسیۆکولتوری، کارلێکی جڤاکی ڕۆڵێکی جەوهەری لە گەشەکردنی مەعریفەدا دەبینێت. واتە لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکی پرۆسە دەرونییە باڵاکان لە چالاکیە جڤاکییەکانەوە بەرهەمدێن، هاودەم پرۆسە دەرونییە باڵاکانی وەکو: زمان، بیرکردنەوە، هێما، سیمبول، ... هۆکارن بۆ هەناوچێنکردن و جێگیرکردنی چالاکییە دەرەکییەکان لە ناخدا. لەو ڕوانگەیەشەوەیە هەر کارکردێک دوجار لە گەشەسەندنی فەرهەنگی منداڵدا دەردەکەوێت: سەرەتا لە ئاستی جڤاک و پاشان لە ئاستی تاکەکەسیدا، سەرەتا لەنێوان خەڵکیدا و ئەوجا لە ناخی منداڵەکە. واتە پرۆسە نێوانکەسکییەکان دەگوازێتەوە بۆ پرۆسە نێوکەسکییەکان (ڤیگۆتسکی، 2022: 66). واتا پێڤاژۆ دەرونییە باڵاکانی وەکو: ئاخاوتن، بیرکردنەوە، خوێندنەوە، وەڵامدانەوەی پرسیار، چارەی کێشە و .... زادەی ئەو کردە و چالاکییانەن کە لە ژینگەی جڤاکیدا، ڕۆژانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەنجامی دەدات. بۆیە پرۆسە دەرونییە باڵاکان پرۆسەی ناوەکیی مێشک نین، بەڵکو بەرهەمی ژینگەی جڤاکین وهەر لەو ژینگەیەشدا لەڕێگەی زمانەوە و لەچێوەی کارلێکی جڤاکیدا جۆرێک لە گەشەی مەعریفە لە تاکدا دروست دەکەن (یول، 2014: 23). کەواتە ناشێت پرۆسە دەرونییە باڵاکان دابڕین لەو ژینگە و جڤاکەی کە منداڵ تێدا دەژیەت. چونکە ئەم پرۆسانە لەناو ئەو شێواز و مێتۆدانەوە سەرچاوە دەگرن کە ئەوانی دیکەی دەوروبەر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان یاخود چارەی گرفتەکان بەکاریدەهێنن، دواتر منداڵەکە ئەو شێواز و میتۆدانە بەهۆی پرۆسەی هەناوچێنکردنەوە لە زەینی دەپارێزێت و دەبێت بەشێک لە پاشخانی مەعریفی ئەو. واتە منداڵ بۆ چارەی گرفت و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەچەندین ستراتیژ و شێواز لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکۆشێت، پاشان کۆی ئەم ستراتیژانە هەناوچێن دەکرێن و لە زەینی منداڵدا جێگیر دەبن (سەعید، 2020: 79/76). کەواتە هەناوچێنکردن کە

باسێکی دیکەی گرنگە لەم بیردۆزەیەدا، پرۆسەیەکە چالاکییە دەرەکی و نێوەندگیرییە جڤاکییەکان دەگۆڕێت بۆ پرۆسەیەکی ناوەکی، یاخود دروستکردنی ڕایەڵەیەکە لەنێوان کارلێکی جڤاکی و گەشەسەندنی مەعریفە و بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ. مرۆڤ لە ئەنجامی بەشداریکردنی لە چالاکییەک لەگەڵ ئەوانی دیکە بابەتێک دەخاتە ناخی خۆیەوە و لەناو زەینی خۆیدا مامەڵەی لەگەڵ دەکات هەتاوەکو زاڵدەبێت بەسەریدا و دەبێتە بەشێک لە بونیادی بیرکردنەوەی ئەو کەسەدا و بەمەش هەناوچێن دەبێت. لەو سۆنگەیەشەوەیە کاتێک مرۆڤ ڕوبەڕوی ئالەنگارییەک دەبێتەوە کە پەیوەندی هەیە بەو بابەتەوە، پێویستی بەوە نییە زۆر بیهێنێت و بیبات، چونکە پێشکات شێوازێکی بیرکردنەوەی ئامادەکراوی لەو بابەتە هەیە (McLeod، 2014: 8). بۆ نمونە: فێرخواز لە پرۆسەی خوێندندا، لە کاتی بینی ڕوەکێکی سیس، لەوەیە درک بە هۆکارەکانی پشت سیسبونی ڕوەکەکە نەکەن، بەڵام کاتێک مامۆستا تاقیکردنەوەیان لەبەردەم دەکات، دایک و باوکیان ڕونکردنەوەی زیاتریان دەدەن، لەڕێگەی فیلم یان ڤیدیۆوە هۆکارە زانستییەکان دەبینن، خۆیان ڕوەکێک دەڕوێنن و لەبەر سێبەر دایدەنێن و ئاوی نادەن، لەگەڵ هاوپۆل و هاوتەمەنەکانیان گفتوگۆ دەکەن، دوای ئەوە ئیدی جۆرە تێگەیشتنێکی جیاوازیان لە بارەی سیسبونی ڕوەکەکان دەبێت و ئەو زانیارانە دەبنە بەشێک لە بیرکردنەوە و هۆشیاری ناوەکیی منداڵەکە. ئەمەش نیشانەیەکی دیاری پرۆسەی هەناوچێنکردنە، چونکە دوای ئەو پرۆسەیە ئیدی ئەو منداڵانە لە هەر کوێیەک بن ڕوەکێکی سیس ببینن بێ بیرکردنەوە هۆکارەکەی دەزانن. کەواتە وێڕای ئەوەی هەناوچێنکردن پرۆسەیەکی ناوەکییە، بەڵام چالاکییە دەرەکییەکان بەردی بناغەی پرۆسەی هەناوچێنکردنن. واتە کاتێک کارلێکی جڤاکی لەنێوان کەسەکان ڕو دەدات و کاری هاوبەش لەگەڵ یەکتری ئەنجام دەدەن و لەگەڵ یەکدی دەکەونە گفتوگۆ، ئامرازەکانی وەکو زمان، هێما، سیمبول و ... لەو کارلێکەدا لەنێوانیاندا بەکاردێت، کاریگەریی لەسەر یەکتری جێ دەهێڵن و کار لە بونیادە مەعریفییەکانی یەکتر دەکەن. دواتر دەکۆشن بۆ ئەوەی ئەنجامی کارە هاوبەشەکە بخەنەوە ناو ناخی خۆیان و لە ئاستی هزریشدا مامەڵەی لەگەڵ بکەن، ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترێت هەناوچێنکردن (بەناوەکیکردن) (سەعید، 2020: 77/51).

## باسی دوهەم: پەیوەندی نێوان فێربون و گەشەسەندن/ نزیکترین زۆنی گەشەسەندن (ZPD)

### ١. پەیوەندی نێوان فێربون و گەشەی بیرکردنەوە (گەشەسەندنی هزر)

لە پەیوەندی نێوان فێربون و گەشەسەندن ڕوانگەی ڤیگۆتسکی پێچەوانەی تێڕوانینە باوەکانی سەردەمی خۆیەتی. واتە لە ڕوانگەی بیرمەندانی پێشو، بۆچونێک هەبو کە، دەبێت فێربون لەگەڵ ئاستی گەشەی منداڵ بسازێندرێت. واتە فێرکردنی نوسین، خوێندنەوە و بیرکاری دەبێت لە ئاست و تەمەنێکی دیاریکراودا دەست پێبکرێن (ڤیگۆتسکی، 2022: 89). یاخود گەشەسەندن پرۆسەیەکی ناوەکی و فێربون پرۆسەیەکی دەرەکییە، لە هەمانکاتدا پێگەیشتن وەکو پێشمەرجێک دەبینرا بۆ فێربون. ڤیگۆتسکی وێڕای ئەوەی هاوڕا نەبوە لەگەڵ ئەو بۆچونانەدا، هاودەم باوەڕی وەها بوە لەوەیە چەند مەرجێکی سەرەکی بایۆلۆژی هەبن بۆ فێربون، بەڵام هۆکاری گەشە بە تەواوی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو ژینگەی جڤاکی سەکۆیە بۆ نمایشی فێربون و گەشەسەندن (داورپناە، 2019: 60). پاڵپشت بەوە ڤیگۆتسکی بۆچونی وایە کە چەندین پرۆسەی گەشەسەندنی هزری هەن کاتێک پەیدا دەبن کە منداڵ لە کارلێکدا بێت لەگەڵ دەوروبەری و هاریکار بێت لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا. پاشان کاتێک ئەو پرۆسانە هەناوچێن دەکرێن، دەبنە بەشێک لە دەستکەوتی هزری سەربەخۆی منداڵەکە. لەم سۆنگەوە فێربون بریتی نییە لە گەشەسەندنی هزری. واتە فێربونی گونجاو دەبێتە مایەی گەشەسەندنی هزری و هۆکارە بۆ چەرخاندنی چەندین پرۆسەی هزری کەبەبێ فێرکردن بەدی نایەن. کەواتە یەکەم سەرەکیترین خەسڵەتی گریمانەکە ئەوەیە کە دەڵێت: پرۆسەی گەشەی هزری و پرۆسەی فێربون هاوتا نین، بەڵکو

پرۆسەی گەشەی هزری دەکەوێتە پاش پرۆسەی فێربون. دوهەمین خەسڵەتیش دەڵێت: هەرچەندە فێربون پەیوەندی بە ڕەوتی گەشەسەندنی هزری منداڵەوە هەیە، بەڵام هەرگیز هاوئەندازە و هاوتەریب نین. گەشەسەندنی هزری لای منداڵ هەرگیز بەتەواوی پەیڕەوی فێربون ناکات لە فێرگەدا بەو شێوەیەی کە سیبەر دوای تەنی خۆی دەکەوێت. لە ڕاستیدا هەڤبەندی زۆر ئاڵۆز و بزۆز لەنێوان پێڤاژۆی فێربون و گەشەسەندنی هزریدا هەیە، کە ناتوانین لەچیوەی دارشتنی گریمانەکی نەگۆڕدا جێی بکەینەوە (ڤیگۆتسکی، 2022: 94). ڕوانگەی ڤیگۆتسکی لە پەیوەندی نێوان فێربون و گەشەسەندن بە جۆرێکە کە گەشەسەندن بەرەنجامی کارلێکی جڤاکی و ئەزمونکردن و فێربونە لە تەک کەسانی دیکە و بە یارمەتی کەسانی دەوروبەر. واتە فێربونی کۆمەڵایەتی پێش گەشەکردنە، چونکە پرۆسەی فێربون چەندین پرۆسەی گەشەسەندن بە ئاگا دێنێت کە تەنها کاتێک توانای کارکردنیان هەیە کە منداڵ کارلێک دەکات لەگەڵ کەسانی دەوروبەری (گەورەساڵ و هاوڕێی پترزان). لە لایەکی دیکەوە، فێربون دەتوانێت هاندەری گەشەی هزر و دەرونی مرۆڤ بێت، بە جۆرێک بەبێ بونی فێرکردن وەکو پرۆسەیەکی دەرەکی، گەشەکردنی هزر و دەرون مەحاڵ دەبێت. .هەر بۆیەشە بۆ پاڵپشتی بۆچونەکەی و چارەی ئەو گرفتە ڤیگۆتسکی لە بیردۆزەکەیدا ڕێگەچارەیەکی گونجاوی ئافراندوە، بە نزیکترین زۆنی گەشەسەندن ناودێر کراوە، کە چەمکێکی زۆر بنچینەیی و گرنگە لە بیرۆدەزەی ڤیگۆتسکیدا، کە گۆڕانکارییەکی گەورە لە بواری دیداکتیکی هاوچەرخ هێناوەتە کایەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ڤیگۆتسکی لە چێوەی بیردۆزەکەیدا بە ئافراندنی تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەسەندن دەکۆشیت بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان پرۆسەی گەشە و فێربون بدۆزێتەوە، بەمەش دو ئاستی گەشە دیاری دەکات ئەوانیش: ئاستی هەنوکەیی و ئاستی گریمانەیی گەشەسەندن (ZPD) (Scott & Palincsar، 2013: 2).

چەمکی سەرەکی بیرۆدزەی ڤیگۆتسکی کە نزیکترین زۆنی گەشەسەندنە (The Zone Of Proximal Development) بریتییە لە:«مەودای نێوان ئاستی هەنوکەیی کە (منداڵ) تێیدا سەربەخۆ چارەدۆزی دەکەن و ئاستی گەشەسەندنی گریمانەیی کە چارەدۆزی تێیدا پێویستی بە ڕێنوێنی گەورەساڵ یان هاریکارییە لەگەڵ هاوتەمەنی توانادر». واتە مەودای نێوان ئاستی هەنوکەیی گەشەسەندن ئەو ئاستەیە کە منداڵ لەڕوی هۆشەکییەوە گەیشتۆتە ئاستێک کە دەتوانێت هەندێک کار بەبێ یارمەتی و بەشیوەیەکی سەربەخۆ ئەنجام بدات. واتە ئەو کارکردە هۆشەکیانەی زوتر تێدا گەشەی کردوە. بەڵام لە نیزیکترین زۆنی گەشەسەندندا منداڵ دەتوانێ هەندێک کار پاش یارمەتی و ڕێنوێنی ئەنجام بدات. واتە لێرەدا ئەو کارکردە هۆشەکیانەی تێدا گەشەیان نەکردوە، بەڵکو لە پرۆسەی گەشەکردندان، واتە ئێستە لە چرۆکردندان و سبەینێ گەشە دەکەن. کەواتە لەڕێی بەکارهێنانی نزیکترین زۆنی گەشەسەندنەوە دەتوانین جگە لە پرۆسەگەلەی زوتر گەشەکردو، ئەو پرۆسانەش کە ئێستە لەباری گەشەسەندن و خەریکە دەکەونە ڕسکان و گەشەسەندن ڕەچاو بگرین (ڤیگۆتسکی، 2022: 90-91). یاخود نزیکترین زۆنی گەشەسەندن، مەودای نێوان سەخترین ئەرک کە منداڵێک بە تەنها دەروەستی دێت و سەخترین ئەرک کە ئەو منداڵە بەهۆی ڕێنوێنی گەورەساڵێک (مامۆستا، دایکوباوک، ...) و هاریکاریی هاوتەمەنێکی پترزانتر دەروەستی دێت (مونی، 2022: 82). کەوا نزیکترین زۆنی گەشەسەندن مۆدێلێکە تێیدا منداڵ لە قۆناغیکەوە کە پێویستی بە هاوکاری ئەوانی دیکەیە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغێک کە پێویستی بەو هاوکارییە نییە (سەعید، 2020: 150).

خاڵی سەرنجڕاکێشی نزیکترین زۆنی گەشەسەندن کە لە بواری فێرکاریدا جێی بایەخە ئەو توانا و مەعریفەیە نییە کە فێرخواز هەنوکە هەیەتی، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەو گەشەسەندن و فێربونەیە کە لە ئەنجامی کارلێکردنی جڤاکیی، چالاکی کردەکی و ئەزمونکردن لە ئەنجامی ڕێنوێنی و ئاسانکارییەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەی پترزانتر بەدەستی دەهێنێت. کەواتە

لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکییەوە گەشەسەندن لە چێوە جڤاکی - فەرهەنگییەکەی دانابڕدرێت، بەڵکو بناغەی گەشەسەندنە. واتە کارلێکی نێوان فێرخواز و ژینگە جڤاکییەکەی، بنەمایەکی گرنگە بۆ گەشەسەندن و توانای فێربونی (داورپناه، 2019: 60). بۆیەشە بناغەی گەشەسەندنی مەعریفە لە دیدی ڤگۆتسکی بەرئەنجامی کارلێکی جڤاکییە. واتە منداڵ بەها کولتورییەکان، بیروباوەڕەکان و چارەی گرفت و ... لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکە دەوروبەر (کەسێکی پترزان)ەوە بەدەست دەهێنن. واتە فێرخواز بەتەنیا و بەبێ یارمەتی هیچ کەسێک بۆ خۆی پاشخانێکی مەعریفی هەیە و لە ئاستیکی دیاریکراودایە، بەم پاشخانە مەعریفیەشەوە دەتوانیت لە هەندێک باس تێ بگات و توانای وەڵامدانەوەی چەند پرسیکی ساکاری هەبێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی پترزان (گەورەساڵ، هاوتەمەنێکی) یارمەتی ئەو فێرخوازە بدات، پتر لە پاشخانی مەعریفی خۆی بەدەست دەهێنێت و بە شێوەیەکی سەربەخۆ باشتر توانای چارەی گرفت و کێشەی دەبێت. ئەمەش بەو واتایە دێت لە زۆنی گەشەسەندندا گەورەساڵان و هاوتەمەنان لە پرۆسەی فێربوندا ڕۆڵی کارایان لەسەر فێربونی فێرخواز هەیە، چونکە یارمەتی دەدەن بۆ بەرزکردنەوەی توانای فێربون. لە ڕاستیدا بنەمای ئەم بیردۆزە کارلێکی جڤاکییە، واتە کاتێک فێرخوازان ناتوانن چارەی گرفت بکەن، لەڕێی کارلێکی جڤاکییەوە لەگەڵ کەسانی دیکە وە یارمەتی و ڕێنوێنیان پێشکەش دەکرێت و بەمەش توانای چارەی گرفت و بڕیاردان بەدەست دەهێنێت. کەواتە لێرەدا کارلێکی جڤاکی لە پرۆسەی گەشەی مەعریفەدا سەنگی خۆی هەیە و هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەسەندنی مەعریفەکەی. واتە بونی گەورەساڵێک یاخود هاوتەمەنێکی پترزان و ئەو کارلێکە جڤاکییەی لەنێوانیان دروست دەبێت کاریگەری و ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر توانستی فێربون، گەشەسەندنی مەعریفە و تێگەیشتنی فێرخواز لە پرۆسەی فێربوندا (رشتچی، 2010: 12). کەواتە فێربون تەنها پرۆسەیەک نییە کە فێرخواز بتوانێت بە تەنها بچەرخێنێ، بەڵکو پرۆسەی فێربون پرۆسەیەکی بە کۆمەڵە و بەرەنجامی کارلێکی جڤاکییە. واتە فێرخوازان لەڕێی گفتوگۆ و یارمەتی کەسانی دەوروبەر (مامۆستا و هاوتەمەنێکی پترزان) دەتوانن گەشە بە توانای مەعریفی خۆیان بدەن (زادە، 2024: 4).

لە ڕاستیدا بەپێی ئەم بیرۆدزە نزیکترین زۆنی گەشەسەندنی پرۆسەیەکی بەردەوامە. واتە کاتێک لە پرۆسەی فێرکاریدا توانای فێرخواز لە ئاستی هەنوکەیی لە باسێکی دیاریکراودا هەڵدەکشێت بۆ ئاستی گریمانەیی واتە نزیکترین زۆنی گەشەسەندن، سبەی ئەو نزیکترین زۆنە دەبێتە ئاستی هەنوکەیی، واتە ئەوەی فێرخواز ئەمڕۆ بە یارمەتی کەسێکی پترزان پێی دەگات و لێی تێدەگات، سبەی دەتوانێ بۆ خۆی بە تەنیا دەروەستی بێت و لێی تێ بگات.واتە کاتێک کەسێکی پترزان (کەسانی دەوروبەر) یارمەتی فێرخواز دەدات، لە قۆناغێک توانای تێگەیشتن و چارەی گرفتی نییە، لەڕێگەی ڕێنمایی و یارمەتییەوە فێرخواز توانای ئەوەی دەبێت چارەی گرفت بکات، یاخود لە باسێک تێبگات کە پێشتر ئەو توانایەی نەبوە (مەعروفی، 2022: 82). بە واتایەکی دیکە، پرۆسەی نزیکترین زۆنی گەشەسەندن پرۆسەیەکی جێگیر نییە، بەڵکو بزۆزە و بەردەوام لە گۆڕاندایە. واتە ئەو فێرخوازەی ئەمڕۆ بە یارمەتی و ڕێنوێی چالاکییەک ئەنجام دەدات سبەینێ فێرخوازەکە دەتوانێ هەمان چالاکی بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەنجام بدات. یاخود زۆرترین یارمەتی و ئاسانکاری کە ئەمڕۆ پێویستییەتی، سبەینێ لەوەیە بەتەنیا و بەبێ هیچ یارمەتییەک دەروەست بێت. لەناو ئەو بزۆزی و گۆڕانە بەردەوامەدا ئەو خولە لەناو زۆنی گەشەسەندندا دوبارە و دوبارە دەبێتەوە فێرخوازەکەش زیاتر و زیاتر چەمک، کارامەیی و زانیاری نوێ فێر دەبێت. لە لایەکی دیکەوە زۆنی گەشەسەندنی هەر فێرخوازێک لە فێرخوازێکی دیکە جیاوازە. واتە هەندێک فێرخواز هەن پێویستیان بە یارمەتی زۆرە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی بچوک لە پرۆسەی فێربوندا، بەڵام لەوەیە فێرخواز هەبن بە یارمەتییەکی کەم دەستکەوتی گەورە بەدەستبهێنن (ریان، 2010: 44).

## ٢. میتۆدی ئەسکەلە وەکو ئامرازێک بۆ گەشەسەندنی بیرکردنەوە

ڤیگۆتسکی لە پرۆسەی فێرکاری و گەشەسەندنی توانای فێربون لای منداڵ جەخت لە پشتیوانی گەورەساڵێک یاخود هاوتەمەنێکی پترزان دەکاتەوە. واتە کاتێک گەورەساڵێک (مامۆستا) هاوکاری و ڕێنوێنی فێرخواز دەکات، بەشێکی سەرەکی لە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی مەعریفەی فێرخوازەکە هێواش هێواش بەرپرسیارێتییەکە دەدرێتەوە بە فێرخوازەکە و لێرەوە توانای ئەوەی هەیە کە ئەو چالاکییەی کە زوتر بە یارمەتی ئەنجامی داوە ئێستە ئیدی دەتوانێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بەبێ هیچ یارمەتییەک دەروەستی بێت و ئەنجامی بدات داورپناه، 2019: 67. پشتبەست بەو بیردۆزەیە «برونەر» وەکو تەواوکارییەک بۆ تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەسەندن، میتۆدی «ئەسکەلە» دەخاتەڕو، بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانی نزیکترین زۆنی گەشەسەندن بەشێوەیەکی کردەیی کۆمەکیی مامۆستایان بکرێت لەپێناو هاوکاریکردنی فێرخوازان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی فێرخوازان. بە واتایەکی دیکە میتۆدی ئەسکەلە واتا دیوی بە کردەکیکردنی تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەسەندن (سەعید، 2019: 236). کەواتە لە تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەسەندندا ئەو یارمەتییەی کە پێشکەش بە فێرخواز دەکرێت، بە ئەسکەلە (scaffolding) ناودەبرێت. واتە گەورەساڵێک یاخود هەڤاڵێکی پترزان کە زوتر توانایەکی بەرزتری مەعریفەی هەیە لەو بوارەدا، دەتوانن یاریدەر بن بۆ ئەو منداڵەی کە نەگەیشتۆتە هەمان توانا و ئاست (مونی، 2022: 83). لە ڕاستیدا، میتۆدی ئەسکەلە یەکێکە لەو شێواز و ڕێگەیانەی سەنگی خۆی هەیە لە پرۆسەی فێرکاریدا. هۆکاری سەرەکی بۆ ناونانی بە ئەسکەلە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مامۆستا یاخود هاوتەمەکان (هاوڕێیەکی پترزان) بەشێوەیەکی کاتی یارمەتی فێرخواز دەدات بەمەبەستی گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی توانای فێربونی. بەپێی ئەم بیردۆزە، مامۆستا دەکۆشێت تاکو لەڕێی پاڵپشتی، ڕێنماییکردن و بەکاربردنی ئامرازی گونجاو، گەشە بە توانای تێگەیشتن و فێربونی فێرخواز بدات و بیگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر لە زانین و کارامەیی، بتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت و بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە فێربون بەردەوام بێت (محمد، 2021: 129).

کەواتە مرۆڤ کە بونەوەرێکی جڤاکییە، بۆیەشە ڕەفتار، کردار و پەیوەندییەکانیشی کاریگەریی ژینگە و جڤاکیان بەسەرەوەیە. لەبەرئەوە بە پشتبەستن بە بیردۆزەی جڤاکی – فەرهەنگی کە پتر ڕەهەندێکی جڤاکی دەکاتە بنەما بۆ هەڵسوڕانی پرۆسەی فێربون و هاودەم کارلێکی فێرخوازیش لەگەڵ دەوروبەری ڕۆڵیان هەیە لە گەشە و فێربونیدا. بۆیە لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی میتۆدی ئەسکەلە چەند کارلێکێکی گرنگ لە پرۆسەی فێرکاریدا دەخەینەڕو:

**یەکەم: کارلێکی نێوان مامۆستا و فێرخواز**

بەپێی بیردۆزەی جڤاکی - فەرهەنگی، لە تیۆری نزیکترین زۆنی گەشەسەندندا، ئاستی گەشەی هزریی هەر منداڵێک بە وردبونەوە، سەرنجدان و گوێڕادێرانی ورد بۆ مامۆستا بەدیار دەکەوێت. واتە ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆ زانینی ZPD هەر منداڵێک. دواتر دەستکەوتنی زانیار لەبارەی هەر منداڵێک لە ئەنجامی نۆڕینەوە، بنەمایە بۆ دارشتنی پلانی فێرکاری. بە مانایەکی دیکە ئەگەر بمانەوێت ئەسکەلە باش بۆ منداڵ بەکاربێنین، پێویستە لەسەر مامۆستا بە وردی سەرنج لە فێرخوازان بگرێت. واتە دەبێت مامۆستایان بتوانن سود لەو وردبونەوانە وەربگرن و بیکەنە یاریدەر بۆ فێربونی منداڵ و دیاریکردنی پرسەی فێربون لای منداڵ. کەواتە لەڕێی وردبونەوە و سەرنجدانەوە مامۆستا دەزانێت ئاستی مەعریفەی فێرخواز هەنوکە لە کویدایە و دەتوانێت تا کوێش فێرببێت، ئەمیش بەڕەچاوگرتنی پێویستییە کەسەکی و ژینگە جڤاکییەکەی فێرخواز (مونی، 2022: 83). ئەمەش واتا مامۆستا وەکو ئاسانکارێک و ڕێنوێنێک ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەعریفییەی کە منداڵ هەیەتی. واتا مامۆستایەکی بەتوانا، وشیار و ئاست باڵا لەڕوی زانست و پەروەردەوە دەتوانێت کاریگەرییەکی ئایەتی هەبێت لەسەر پرۆسەی فێربونی فێرخواز و یارمەتی فێرخواز بدات بۆ ئەوەی بەسەر ئالەنگاری و سەختی گەورەدا زاڵ بێت. ئەمەش لەڕێگەی زانینی زۆنی گەشەسەندنی منداڵەکە و ڕەخساندنی

ژینگەیەکی فێرکاری گونجاو کە بەجۆرێک ڕەچاوی زۆنی گەشەسەندنی منداڵەکە بکات (سەعید، 2004: 55). کەواتە بەپێی ئەم بیردۆزە مامۆستا لە پێشوەچونی پرۆسەی فێرکاریدا سەنگی و بایەخی خۆی هەیە. چونکە چیدی مامۆستا سەرچاوەی سەرەکی مەعریفە نییە کە هەمو شتێک دەزانێت، بەڵکو ڕۆڵی تەنیا ئاسانکاری و ڕێنوێنیە لە پرۆسەی فێربوندا بەمەبەستی یارمەتیدانی فێرخوازان لە دروستکردنی پەیوەندی جڤاکی، سەرخستنی مەعریفە و بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕێباز و بیردۆزانەیە کە مامۆستا سەرچاوەی زانیار، هەمەکارە و هەمو شت دەزانێط و فێرخواز تەنیا وەرگرێکی پاسیڤ و ناچالاکە (زادە، 2024: 4).

کەواتە ڕۆڵی مامۆستا لە پێڤاژۆی فێرکاریدا گرنگ و جێی بایەخی گەورەیە، چونکە مامۆستا دەتوانێت بە ئاراستەکردنی پرسیاری بەرۆکگیرانە و ڕێنوێنیکردن، وا لە فێرخواز بکەن کە توانای زیاتر پێشان بدەن، پێویستە مامۆستا هەمیشە خوێندکاران ڕوبەڕوی پرسیارگەلێک بکەنەوە کە کەمێک سەروترە لە ئاستی زانینی هەنوکەییان بەمەبەستی هەڵکشانی زانینیان. ئەمەش واتە لە بری ئەوەی مامۆستایان چاوەنۆڕی ئەوە بن کە فێرخواز بگاتە ئاستی گونجاوی گەشەی زانیار و دواتر کاریان لەگەڵ بکرێت، باشتر وایە لەو ئاستەی کە فێرخواز تێیدایە ڕێنوێنی و پاڵپشتی بکرێت لەڕێی ئاسانکاریی و کۆمەکییەوە بۆ ئاستی گەشەی چاوەڕوانکراو و ئەگەری (داورپناه، 2019: 66).

**دوهەم: کارلێکی فێرخواز لەگەڵ هەڤاڵێکی پترزان**

یارمەتی هەڤاڵێکی پترزانتر، واتە یارمەتیدانی فێرخوازێکی پترزانتر بە ساکاری بۆ فێرخوازێکی دیکە کە کەمترزانترە، ئەمەش یاریدەرە بۆ بنیاتنانی سەرخستنی توانستی زانین، کارامەیی جڤاکی و دروستکردنی کەشێکی ئەرێنی و کاریگەر لە پۆلدا (ویستۆود، 2022: 132). بیرۆدزەی جڤاکی – فەرهەنگی زۆر بە گرنگییەوە لە پەیوەندی نێوان کەسێکی پتر دەزانێت لەگەڵ کەسێکی کەمتر دەزانێت لە باسێکی دیاریکراودا دەڕوانێت، بەپێی ئەم بیردۆزە ئەم کارلێکە بەڕادەیەک کاریگەرە، کە ئەگەر بێت و کەسە کەمترزانەکە لەڕوی بایەلۆژییشەوە ئاستەنگی هەبێت لە فێربوندا ئەم کارلێکە دەشێت یارمەتی فێربونی بدات (Daniels، 2005: 14). واتە بەپیی ئەم بیردۆزە ، ئەو هەڤاڵە پترزانترە توانای ئەوەی هەیە کە ئاستی فێرخوازێکی دیکە لە ئاستی هەنوکەییە بگوازێتەوە بۆ ئاستی گریمانەیی (ZPD). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ فێرخوازە کەمترزانە بەهۆی یارمەتی فێرخوازە پترزانەکە، ئاستی گریمانەیی کە تا دوێنی ئاستێکی بەرزتر بو لە توانای ئەمڕۆ ئیدی دەبێتە ئاستێکی هەنوکەیی و بەبێ هیچ یارمەتییەک دەتوانێت ئەنجامی بدات (سەعید، 2020: 154). کەواتە پشتبەست بەوە فێربون لە هاوتەمەنێکی پترزانەوە کەمتر نییە لە فێربون لە مامۆستاوە. گرنگی ئەم شێوازە لەوەدایە فشار و پەستانی سەر مامۆستایانی کەم کردەوە، چونکە مامۆستایان کۆشان تاوەکو فێرخوازانێک کە پترزانترن وەکو ئەسکەلە بەکاربهێنن بەمەبەستی یارمەتی بۆ فێرخوازانی دیکەی ئاست نزم بۆ ئەوەی تاوانای فێربونیان بەرز بکەنەوە، لە ئەنجامی بە کردەکیکردنی ئەو ڕوانگەیەش پەروەردەکاران گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم بیرۆکەیە لە پرۆسەی فێربوندا بیرۆکەیەکی ناوازە و کارایە (مونی، 2022: 91).

لە ڕاستیدا ئەو یارمەتییەی کە لە لایەن گەورەساڵان، بەتایبەتیش مامۆستا یاخود هەڤاڵێکی پترزانتر پێشکەش دەکرێت بەمەبەستی سەرخستنی توانای فێرخواز دەشێ وەکو یارمەتی ڕاستەوخۆ هەژمار بکرێت، چونکە وێڕای ئەو یارمەتییە لە دیدی ڤیگۆتسکی، یارمەتی ناڕاستەخۆشمان هەیە کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام، پرسیار و نمونەی جۆراوجۆری ناو پەرتوکەکان، ... کەواتە هەردو جۆری یارمەتی و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش لە شیوەی ئەسکەلە گرنگی خۆیان هەیە، لە یارمەتیدانی فێرخواز سەرخستنی توانا و فرەوانکردنی مەعریفەیان (یول، 2014: 28). پشتبەست بەوە، لە دیدی ڤیگۆتسکی سەرەڕای یارمەتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، لاساییکردنەوەش سەنگی خۆی هەیە لە یارمەتیدانی

منداڵدا، چونکە منداڵ دەتوانێت لاسایی کاری وەها بکاتەوە کە لە سنوری کارامەیی و توانای هزری خۆیدا بێت، واتە لاساییکردنەوەکە تەنیا تا ئەو ڕادەیە و لەو فۆڕمانەیە کە منداڵەکە توانستی تێگەیشتنی هەیە. منداڵ لە کاتی چالاکی بە کۆمەڵدا، یان بە ڕێنوێنی گەورەساڵان توانستی ئەنجامدانی هەڵدەکشێت بە بەکارهێنانی لاساییکردنەوە. واتە بەهۆی لاساییکردنەوە توانای ئەوەی هەیە کاری زیاتر و گەورەتر بکات لەوەی کە بەتەنیا و لەڕێگەی تێگەیشتنی خۆیەوە ئەنجامی دەدات. بە واتایەکی دیکە منداڵ هەروەکو گەورەساڵان لە ژینگەیەکی جڤاکیدا دەرسکێ و لەڕێگەی ئامرازە کولتورییە جیاوازەکانەوە توانای ئەوەی هەیە لاسایی ئەوانی دیکە بکاتەوە، لێیانەوە فێرببێت و بیر بکاتەوە و هەروەها گەشە لە ڕەفتار و جوڵەکانیشیدا دروست دەبێت (ڤیگۆتسکی، 2022: 92). کەواتە لە گەشەی منداڵدا، وێڕای ئەو یارمەتییانەی باسکران هاودەم لاساییکردنەوە و فێرکاریش ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن، چونکە هەردوکیان توانستی هۆش سەردەخەن و گەشەی پێدەدەن. بە هەمان شێوە لە دەمی فێربونی بابەتەکانی فێرگەدا لاساییکردنەوە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە ئاخاوتنی منداڵدا. ئەوەی منداڵ هەنوکە بە یارمەتی ئەنجامی دەدات، بەیانی دەتوانێت بە تەنێ دەرەوەستی بێت و ئەنجامی بدات، لەبەرئەوەشە باشترین جۆری فێرکاری ئەوەیە پێش گەشەی بایۆلۆژی بکەوێتەوە، ڕێنیشاندەر بێت. واتە دەبێت سەرنجی زیاتر لەسەر کارکردەکانی گەشەکردن بێت نەک لەسەر گەشەکردن. واتە پێویستە فێرکاری جەخت بخاتە سەر ئەو کار پلانانە بێت کە هۆکارن بۆ گەشەی هزری منداڵ نەک چاوەڕێ بن تا منداڵ بگاتە تەمەنێکی دیاریکراوی بایۆلۆژی و ئەوجا فێری ئەو بابەتە بکرێن کە گوایە بۆ ئەو تەمەنە دەست دەدەن (ڤیگۆتسکی، 2024: 138).

**سێهەم: فێربونی هەرەوەزی (گروپ)**

ئەو ڕوانگەیەی ڤیگۆتسکی کە بۆچونی وایە فێربون بەرەنجامی کارلێکی جڤاکییە و لە کارلێکی نێوان مرۆڤەکان لەچێوەیەکی کولتوری و مێژویی دێتە بەرهەم بنەمایە بۆ فێربونی هەرەوەزی. لەم شێوازی فێربونە خاڵێکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە، دەشێ هەر فێرخوازێک ڕۆڵێکی جیاوازی لە گروپەکەدا پێبدرێت هەتا ئەگەر لەو ڕۆڵەش کزبێت، چونکە بەپێی ئەم ڕوانگەیە فێرخوازەکە دەتوانێت لەڕێی یارمەتی لەگەڵ هەڤاڵانی پەرە بە توناکانی بدات، بۆ نمونە ڕەنگە فێرخوازێک لە چارەی گرفت بەهێزبێت، دەتوانێت یارمەتی فێرخوازانی دیکە بکات کە ئەو توانایەیان کزە، لە هەمانکاتدا لەوەیە هەر ئەو فێرخوازە لە پەیوەندی دروستکردندا کزبێت، دەتوانێت لەڕێگەی کارلێکی جڤاکی و یارمەتی هاوڕێ پترزانەکانی دیکە لەو بوارە ئەو توانایەی سەر بخات (زادە، 2024: 9). لەو سۆنگەیەوە ڤیگۆتسکی باوەڕی وەهایە، فێربونی هەرەوەزی ڕێ بە فێرخوازان دەدات لەڕوی هزرییەوە گەشەبکەن، واتە زۆرجاران زمان و هزری منداڵان لە کارلێکی جڤاکیدا هەتا بە ئاڕاستەکردن و ڕێنوێنییەکی کەمیش گەشەدەکەن. دەشێ بگوترێت تەنها بە کردەکیکردنی چالاکی تاکە ئامراز نییە کە فێرخواز لەڕییەوە فێرببێت، بەڵکو پێویستە وێڕای سەرنجی وردی مامۆستا، پرسیارکردنی گونجاو لە ئاستی تەمەنی فێرخوازان، هاودەم هانی کارلێکی نێوان فێرخوازانیش بدات، چونکە ئەمانە باشترین ئامرازن کە یاریدەدەرن بۆ گەشەسەندنی فێرخواز، بەڵام زۆر گرنگە مامۆستایان بزانن چ کاتێک پێشنیازی نوێ بۆ فێرخواز بکەن بۆ هەنگاوی نوێ و چ کاتێکیش دەرفەت بە فێرخوازان بدەن کە خۆیان خەریکی پێشوەچونی خۆیان بن (مونی، 2022: 87). بۆیەشە بەپێی ئەو بیردۆزەیە فێربونی هەرەوەزی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فیرکاری، چونکە لە چێوەی ئەو فێربونەدا، کارلێک و یارمەتی لەنێوان ئەندامانی گروپەکە سەنگی خۆی هەیە لە بەهێزکردنی خۆباوەڕی، سەرخستنی مەعریفە و بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ لای فێرخواز. هاودەم لە ئەنجامی ئەو کارلێکەوە فێرخوازان دەتوانن سود لە زانیار و ئەزمونی یەکتر وەربگرن کە لەڕێگەی بیرۆکەبارانە و ئاڵوگۆڕی بیرۆکەکانەوە دێتە کایەوە. کەواتە فێربونی هەرەوەزی لە ئەنجامی کارلێکی جڤاکی گروپێک لە فێرخوازان، بە ڕێنوێنی مامۆستا دێتە کایەوە، کە دەبنە یاریدە بۆ پەرەدان بە تواناکانی: پەیوەندی دروستکردن

لەگەڵ کەسانی دەوروبەر، بڕیاردانی هاوبەش، چارەی گرفت، ... لە ڕاستیدا هەمو توانستانە گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، چونکە یارمەتی فێرخواز دەدەن بیروبۆچونەکانیان بە ڕونی دەربڕن، فێری هاوسۆزی دەبن، گوێ لە کەسانی دەوروبەر دەگرن و یارمەتی هاوتەمەنەکانیان دەدەن، توانای چارەی گرفت پەیدا دەکەن، لە کۆتاییشدا دەگەنە بڕیاری یەکلاکەرەوە و گرنگ لەنێو خۆیاندا و لە هەمانکاتدا سەرکەوتنیان لە ژینگەی جڤاکی (خێزان، ناوپۆل، کارکردن، ...). پەرەدان بەو توانا و کارامەییانەش پێویستی بە پلانی تۆکمە هەیە لە دروستکردنی ژینگەیەک کە ئاسودەیی و تەندروستی تێیدا خاڵی سەرەکی بن، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداریکردنی فێرخواز لە چالاکی گروپیدا و مامۆستا تەنیا ڕۆڵی ڕێنوێن و ئاسانکاری بێت. کەواتە فێربونی هەڤاڵانە نەک تەنها یارمەتی فێرخواز دەدات بۆ ئەوەی پەرە بەو توانا و کارامەییانە بدات، بەڵکو یارمەتیشیان دەدات لە بەرەوپێشچون لە تونای فێربون و بەدەستهێنانی مەعریفە و لێهاتوی نوێ لەڕێی ئەزمونی کردەکییەوە. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین وێڕای ئەوەی فێربونی هەڤاڵانە سەنگی خۆی هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا، بەڵام ناشێ ئەوە نادیدەبگرین، کە لە هەندێک دۆخدا پاشخانی فێرخوازان (کەسێتی، کولتوری، زایەندی و ...) ڕەنگە ببێتە هۆی دروستبونی ناکۆکی و کزی هاوکاری. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە ڕۆڵی مامۆستا زۆر گرنگ و پڕ بایەخە لە ڕێنوێنیکردنی فێرخواز لە دروستکردنی ئەو پەیوەندییە جڤاکییە و ڕێگریکردن لە هەر ناکۆکییەک. واتە لە کاتی دروستبونی هەر ناکۆکییەک مامۆستای سەر بەڕوانگەی ڤیگۆتسکی دەتوانێت شێوازی کاریگەر لە بەڕیوەبردن و چارەی ناکۆکی بەکاربهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە و سەرنجی فێرخوازان بگەڕێنێتەوە سەر ئامانجەکانی فێربون (زادە، 2024: 5-7).

## باسی سێهەم: زمان و بیرکردنەوە

زمان ئامرازی هەرە گرنگە لە ڕەوتی پێشکەوتنی هەر نەتەوە و گەلێکدا. ئەوە زمانە لەڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت گوزارشتی پێی لە خۆی بکات و هاودەم پەیوەندیش دروست بکات لەگەڵ ژینگەی جڤاکی دەوروبەریدا. واتە بەشێکی گەورەی هاوسۆزی لەڕێگەی زمانەوە دەردەبڕدرێت و پەیوەندییە جڤاکییەکان ڕێکدەخات و ڕۆڵی هەیە لە پتەوکردنیاندا. پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان زمان و هزردا، واتە دەوڵەمەندی و هەژاری زمان کاردەکەنە هەڵکشان و داکشانی بیر و هزری مرۆڤ. ئەم گرنگییانەن وا لە زمان دەکەن کە ببێتە تاقانە ئامرازی مرۆڤ کە جیای دەکاتەوە لە بونەوەرانی دیکە. کەواتە لەو سۆنگەیەوە لەڕێگەی زمانەوە مرۆڤ هەست، نەست و خواستی خۆی دەردەبڕێت و ڕادەگەیەنێت. هەر بۆیە لە کۆنەوە، لە گرنگیی زمان تێگەیشتوە و بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شوناسی میللی داناوە.

### ١. زمان وەکو دەستاوێژێک بۆ پەیوەندیکردن

مرۆڤ بەهۆی زمانەوە بونەوەرەێکی قسەکەرە و ئەمەشە هێڵی جیاکەرەوەی لە بونەوەرەکانی دیکە، بەڵام زمان تەنیا لە قسەدا کورتناکرێتەوە. واتە جگە لە دەربڕینی زارەکی چەندین سیستەمی دیکەی ئاماژەدان هەن کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت و دەتوانین بیانخەینە ژێر چەمکی زمانەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین زمان واتە گشت جۆرەکانی ڕاگەیاندن. واتە مرۆڤ تاکە ژینەوەرە، دەتوانێت بە جۆرێک زمان بەکاربهێنێت و بێسنور ئافراندن لە دەربڕیندا بکات (ڤەدین، 2016: 12-14). لێرەدا دەبینین، زارۆکی بچوک لە سەرەتایی تەمەندا هاوشێوەی گیانداره شیردەرەکان لە توانای بیرکردنەوەی زمانەکیدا هاوبەشە، بەڵام ئەم توانایە بۆ دەربڕینی چەمک و بیرۆکە نییە، بەڵکو تەنیا بۆ دەربڕینی پێویستییە سۆزەکی و جڤاکییەکانن. مرۆڤ لەگەڵ گیانەوەری دیکەی شیردەر لەو خاڵەدا لە یەکتر جودادەبنەوە کە لە کاتێکی دیاریکراودا

گەشەسەندنی هەردو توانای هزر و زمان بەیەک دەگەن و هەر ئەم یەکانگیرەشە کە مرۆڤ دەکاتە ژینەوەرێک دەزانێت کە دەزانێت، واتە دەرک بە زانینی خۆی دەکات (هاترزەل، 2015: 27).

مرۆڤ هەر لە لەدایکبونەوە بەر لە قۆناغی زمانەکی ،کۆمەڵێک توانای هەیە بۆ دەرککردنی دەوروبەر، ئەم توانایانە زگماکین و سەرچاوەکەیان هەستەوەرەکانن، لەم توانایانە مرۆڤ هاوبەشە لەگەڵ بونەوەرەکانی دیکە. بەڵام کاتێک زمان دێتە پەنا ئەو توانایە زگماکییانە، کە سەرچاوەکەی (هێما، وشە، وێنە و ژمارەیە) دەبێتە ئامرازێکی دیکەی کاریگەر بۆ دەرککردن و سازان لەگەڵ دەوروبەر. بە مانایەکی دیکە، مرۆڤ جگە لە توانا زگماکییەکان توانایەکی دیکە کە توانای زمانەکییە پەیدا دەکات بۆ دەرککردنی دەوروبەر و بەمەش لە بونەوەرەکانی دیکە جیادەبێتەوە. لەلایەکی دیکە، پەیدابونی توانای زمانەکی توانا پێشزمانەکییەکان خامۆش ناکات، بەڵکو هەر دەمێنن، پەیوەندی پتەو لەنێوان هەردو توانایەکە پەیدا دەبێت. توانای زمانەکی هێز و تین لە توانا پێشزمانەکییەکانەوە وەردەگرن. بۆیەشە گرنگە کار لەسەر هەردو توانا بکات. کەواتە مرۆڤ پێش ئەوەی بەرکەوتی لەگەڵ وشەدا هەبێت، توانای بیرکردنەوەی هەیە، بەڵام دوای ئەوەی کە بەرکەوتی لەگەڵ وشە پەیدا دەبێت، شێوازی بیرکردنەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و لێرە بەدواوە بیرکردنەوە لە واقعیەت تەنیا لەڕێی هەستەوەرەکانەوە نابێت، بەڵکو وشەش دەبێتە یاریدە بۆ دەرککردنی داکەوت (هاترزەل، 2015: 12). هاودەم منداڵ لە سەرەتایی تەمەنەوە بونەوەرێکی جڤاکییە و دەیەوێت گفتوگۆ ساز بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ناتوانێت زمان بەکاربهێنێت و قسە بکات، ئەوە پەنا بۆ ئامرازی دیکەی جگە لە زمان دەبات. بەڵام هەر کە توانای زمان وەکو ئامرازێکی کولتوری لە منداڵەکە ئافرا ئەوا واز لە ئامرازەکانی دیکە دەهێنێت و زمان دەکاتە گوزارشت بۆ خۆدەربڕین و وەڵام بۆ کاردانەوەکانی دەوروبەر. واتە منداڵ هەر لە دەمی لەدایکبون و کەمێک دوایی ئەوەش، توانای بیرکردنەوە و دروستکردنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ دەوروبەر، بەڵام زمان نەگرتن یا گۆنەکردنی هۆکارە بۆ ئەوەی کە نەتوانێت ئەو تواناکارییەی کە هەیەتی بۆ دەوروبەر ڕون بکاتەوە (سەعید، 2020: 54).

بەپێی ئەم بیردۆزەیە، مرۆڤ بونەوەرێکی جڤاکییە و لە ژینگەی جڤاکیشدا زمان ڕۆڵی گرنگی هەیە. واتە منداڵ لە تەمەنی سەرەتاییدا توانایەکی زگماکی هەیە بۆ فێربونی ئەو زمانەی کە مرۆڤ پێی دەئاخڤێت، ئەویش لەڕێی کارلێکی جڤاکییەوە لەگەڵ کەسانی نێو ژیانی. فێربونی زمان لە ژینگەی جڤاکیدا دروست دەبێت. واتە گەشەسەندنی زمان لە لای منداڵ لەو ژینگە جڤاکییە جودا ناکرێتەوە کە تێیدا دەژیەت. منداڵ هەم بە جڤاکاندن فێری زمان دەبێت، هەمیش جڤاکاندنی بە زمان دەکرێت. دەتوانین بڵێین مرۆڤ هەر لە تەمەنی سەرەتاییەوە لەڕێگەی کارلێک لەگەل نزیکانییەوە فێری زمان دەبێت، لە هەمانکاتدا زمان وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنرێت بۆ گەشەسەندنی توانای جڤاکی لە منداڵدا (ڤەدین، 2016: 25). کەواتە منداڵ هەر لە لەگەڵ لەدایکبونەوە بونەوەرێکی جڤاکی، نەک بونەوەرێک کە تەواو لەژێر کاریگەریی بۆماوە و بایۆلۆژیدا بێت. بۆیەش هۆکاری گەشەسەندن و فێربونی منداڵ لەڕێی زمان و کارلێکی جڤاکییەوەیە. واتا منداڵ پێویستی بە زمان هەیە، خودی زمانیش بەرەئەنجامی پەیوەندییە جڤاکییەکانی منداڵە لەگەڵ دەوروبەر. کەواتە زمان هاودەم بیرکردنەوەش لە دەمی گفتوگۆی بە کۆمەڵ و کارلێکی جڤاکیدا گەشە دەکەن و بەشی زۆری زمان و بیرکردنەوە کردەیەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو مۆرکێکی جڤاکی و کولتوریشی پێوەیە (سەعید، 2004: 49).

پشتبەست بەوە لە پەیوەندی نێوان بیر و زماندا، ڤیگۆتسکی پێیوایە، لە سەرەتادا هیچ پەیوەستبونێکی تایبەت لە ڕەگە جێنیتیکییەکانی نێوان بیر و وشە نادۆزینەوە. واتە هەردو توانای بیر و زمان لە سەرەتادا هاوتەریب نین لەگەڵ یەکتردا و چونیەک و هاوئاست گەشە ناکەن، بەڵکو دو شتی جیاوازن. دو بنەما و ڕەگی جێنەتیکی جیاوازیان هەیە (رشتچی، 2010: 10). بەڵام وێڕای ئەوەی لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکی، هەردو توانای بیر و زمان لە سەرەتادا لەیەکجودان، هاودەم

گرنگترین ساتەوەخت لە ڕەوتی گەشەسەندنی هۆشەکیدا ئەو کاتەیە کە زمان و بیرکردنەوە لە کاتێکی تایبەت یەکانگیر دەبن و لێرەدا بەدواوە پێکەوە گەشە دەکەن. کە پێشتر دو هێڵی لێکدابڕاو بون (ڤیگۆتسکی، 2022: 33). ڤیگۆتسکی دوایی سەرنجدان و لێوردبونەوەیەکی وقوڵ لە هەردو توانای بیر و ئاخاوتن ڤیگۆتسکی باوەڕی وەهایە، مەزنترین بەرهەمی منداڵ ئەو کاتەیە کە گەیشتبێتە ئاستێکی تاڕادەیەک بەرز لە گەشەی بیر و ئاخاوتنیدا. بە کورتی دەتوانین یەکانگیربونی هزر و ئاخاوتن لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١. بیر و ئاخاوتن، لە گەشەسەندندا سەر بە ڕەگی جیاوازن.

٢. قۆناغێکی بەرەژێرەکی لە گەشەی ئاخاوتنی منداڵدا هەیە، قۆناغێکی بەرەزمانەکیش لە گەشەی بیریدا هەیە.

٣. تاوەکو کاتێکی دیاریکراوی تەمەن ئەم دوانە (بیر و ئاخاوتن) سەر بە دو هێڵی لێکجودای ناپەیوەستن.

٤. لە کاتێکی دیاریکراودا، ئەو دو کەوانەڕێیانە یەک دەگرن و لەو کاتەوە بیر دەبێتە بێژەکی و ئاخاوتن دەبێتە هۆشەکی. (ڤیگۆتسکی، 2024: 67).

**٢. زمان و گەشەسەندنی بیرکردنەوە**

بەکارهێنانی زمان بۆ گەشەسەندنی بیرکردنەوە لە لای ڤیگۆتسکی باسێکی زیندوە. پێیوایە منداڵ پێش ئەوەی قسە بکات (قۆناغی پێشزمانەکی) دەتوانێت بیر بکاتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بیرکردنەوە پرۆسەیەکی هۆشمەندانە بێت پێویستە فێری زمان ببێت. بە واتایەکی دیکە بیرکردنەوە لە قۆناغی پێشزمانەکییەوە هەیە، بەڵام کۆچەرییە و بە ئاسانی لێمان ون دەبێت، چونکە بیرکردنەوەکان لەڕێگەی وشەوە دەرنابڕدرێن. بۆ ئەوەی بیرکردنەوە ببێتە بەشێکی هۆشمەندی کەسەکە پێویستە بچێتە قۆناغی زمانەکییەوە. هەر بۆیەشە ڤیگۆتسکی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بیرکردنەوە لەناو خودی زماندا لە دایک دەبێت. کەواتە لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکی، بیرکردنەوە بە وشە گوزارشتی لی ناکرێت بەڵکو لەناو وشەدا دروست دەبێت (سەعید، 2020: 97).

ڤیگۆتسکی پتر جەخت لە گرنگی زمان دەکاتەوە و بە هاوبەشێکی ڕاستەقینەی بیرکردنەوەی دەزانێت. پێیوایە گەشەی پرۆسە دەرونییە باڵاکان پەیوەستن بە زمان و بەمەش ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە فێربوندا دەگێڕێت. زمان هێندە ئامرازێکی کارایە کە یارمەتی بەکۆمەڵایەتی بونی منداڵ دەدات و دواتر هەر ئەم بەکۆمەڵایەتیبونەش دەبێتە هۆی گەشەسەندنی بیرکردنەوە. واتە کاتێک توانای قسەکردن لە منداڵدا گەشە دەکات، ئەوا کاریگەریی لەسەر زۆر لایەنی تێگەیشتن، دەرککردن و ... دروست دەکات و بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە، چونکە ئەوە بەکارهێنانی زمانە کە وا لە منداڵ دەکات زاڵ بێت بەسەر بیرکردنەوەکانیدا و ژیرانەتر بیرکردنەوەکانی پیادە بکات (رشتچی، 2010: 11). لای ڤیگۆتسکی پەیوەندی بیر و وشە پرۆسەیەکە کە جوڵەیەکی بەردەوامی هەیە لە بیرەوە بۆ وشە و لە وشەوە بۆ بیر. لەو پرۆسەیەدا پەیوەندی بیر بە وشەوە بە چەند گۆڕانێکی وەها تێدەپەڕێت کە دەکرێت وەکو گەشە لێی بڕواندرێت. بیر بە تەنێ بە وشە دەرنابڕدرێت، بەڵکو لە وشەوە دێتە بون (ڤیگۆتسکی، 2024: 157). کەواتە زمان هۆکارە بۆ دروستکردنی بیرکردنەوە. واتە بەکارهێنانی زمان هۆکارە بۆ گەشەسەندنی پرۆسە دەرونییە باڵاکان و ڕوانین و تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر. هەر بۆیە لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکی بۆ کردەی بیرکردنەوە و گواستنەوەی ئەو کردەیەش بۆ نەوەکانی داهاتو ئێمە پیویستمان بە زمانە، چونکە زمان ئامرازێکی کولتوری نێوەندگیرە (سەعید، 2020: 90).

لە کۆتاییدا، لە ڕوانگەی ڤیگۆتسکی، زمان هۆکاری سەرەکییە بۆ گەشەسەندنی هزری منداڵ، چونکە بە سەرنجدان لە گفتوگۆی نێوان کەسەکان بۆمان دەردەکەوێت کە چ شتێک دەزانن و چ شتێکیش لە لایان لێڵ و ناڕونە. هەر بۆیەشە ڤیگۆتسکی لە پرۆسەی فێرکاریدا ڕو دەکاتە مامۆستایان و پێیان دەڵێت، ئەگەر دەتانەوێت هانی گەشەسەندنی هزری

فێرخواز بدەن دەتوانن بەهاندانی گفتوگۆ ئەو کارە بکەن. ئەگەرچی زوتر پرسیار و سەرنجی منداڵ لە دەمی وانەدا بە پێبڕین یا پچڕاندنی وانە ئەژمار دەکرا، بەڵام تێگەیشتن لە بیردۆزەی ڤیگۆتسکی ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات (پرسیارکردن، دواندن، پێبڕین) بە بەڵگەی گەشەسەندنی فێربونی فێرخواز دابنێین. زۆرجاران فێرخوازان لە دەرئەنجامی گفتوگۆیەکی نێوان خۆیاندا دەگەنە مەعریفەیەکی دیاریکراو، بەڵام دەستێوەردان یان پچڕانی ئەم گفتوگۆیە لە لایەن مامۆستاوە ڕۆڵی نەرێنی دەبێت لەسەر گەیشتن بە مەعریفە دیاریکراوەکە.(مونی، 2022: 6).

## ئەنجام

١. بیردۆزەی جڤاکی-فەرهەنگیی کە میراتی ڤیگۆتسکیە، پێیوایە فێربون پرۆسەیەکی جڤاکییە، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچونانە کە فێربونیان بە پرۆسەیەکی بایۆلۆژی دادەنا.
٢. بیرکردنەوە لای منداڵ زیاتر پەیوەستە بە کاریگەربونی بە دەروروبەر و کارلێکی جڤاکییەوە.
٣. لە پرۆسەی بەناوەکیکردندا سەرەتا بەرکەوتن بە چالاکییە دەرەکییەکان هەیە، دواتر لە زەیندا شەنوکەو بۆ چالاکییەکان دەکرێت، دوای زاڵبون بە سەریاندا دەبنە بەشێک لە بونیادی بیرکردنەوە.
٤. بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانی دەوروبەر پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆیە پێویستی بە ئامرازە کولتورییەکانە بۆ داهێنانی بیرکردنەوە.
٥. ڤیگۆتسکی لەڕێگەی بەکارهێنانی مێتۆدی نزیکترین زۆنی گەشەسەندنەوە دەروازە واڵا دەکات بۆ تێگەیشتن لە ئاستیی هەنوکەیی فێرخواز. هەروەها ئامرازگەلی وەکو گروپکاری، هاوکاریی هەڤاڵانە و زمانی هەموارکراو دەکاتە بنەما بۆ گەشەکردنی هزری، فێربونی زانیاری نوێ و بیرکردنەوە.
٦. زمان وەک دەستاوێژێکی گرنگی فەرهەنگی، دەبێتە هۆکاری گەشەکردنی هزری و لەڕێگەیەوە بیرکردنەوە دەئافرێت، ئەمەش دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەی کە پێی وەهایە گەشەکردنی بایۆلۆژیی بنەمایە بۆ هەڵکشانی زمان.

## سەرچاوەکان

Arevik، Sten، (٢٠٢١) مامۆستا و هونەری ڕێبەرایەتی، و. ئاسۆس شەفیق، تۆڕی فێرکاری برادۆست، کوردستان - ڕانیە.
سەعید، فایەق، (٢٠٠٤) تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.
سەعید، فایەق، (٢٠١٩) دیداکتیک، مۆدێک و میتۆدەکانی وانەگوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەلنوس، سلێمانی.
سەعید فایەق، (٢٠٢٠) لیۆ ڤیگۆتسکی، تیۆری سۆسیۆکولتوری و پەروەردەی هاوچەرخ، چاپی یەکەم، چاپخانەی غەزەلنوس، سلێمانی.

ڤیگۆتسکی، ل.س، (٢٠٢٢) ئاوەز لە جڤاکدا، فراژوتنی باڵای دەروونناسانە، و. هاوبەش خالید، سازمانی جاوتەنە & فێرگەی برادۆست، کوردستان – ڕانیە.

ڤیگۆتسکی، لێڤ، (٢٠٢٤) بیر و ئاخاوتن، و. ڕونبیر سەرکەپکانی، فێرگەی برادۆست، کوردستان –ڕانیە.

ڤەدین، ئۆسا، (٢٠١٦) زمان و فێربون – ئاخاوتن لە زارۆخانە و ساڵانی بەرایی فێرگەدا، و. ئاسۆس شەفیق، تۆڕی فێرکاری برادۆست، کوردستان - ڕانیە.

محمد. محمد أحمد، (٢٠٢١) ڕێگاکانی وانەگوتنەوە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕوانگە.

مونی، کارۆل گارت، (٢٠٢٢) بیردۆزەکانی زارۆکەتی، و. هاوبەش خالید، ڕێکخراوی کۆمەک، کوردستان – ڕانیە.

هاترزەل، ئوڤە و ستێن ئارەڤیک، (٢٠١٥) خویاکردنی بیرکردنەوە – دەربارەی فێرکردنی چەمکئامێز، ڕێکخراوی کۆمەک.

ویستۆود، پیتەر، (٢٠٢٢) ڕێگاکانی وانەگوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

مەعروفی، سەیران، ٢٠٢٢، پاشخانی کەمینەکان و ئەزمونی دانپێدانان، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی – سیاسییە، ژمارە ٤٣، ل.٨١-٨٢ - -https://govartishk.com/wp: content/uploads/2022/07/پاشخانی_کەمینەکان_و_ئازمونی_دانپێدانان.

ريان، سوزان خليل محمد .(٢٠١٠) .*فعالية استخدام استراتيجية فيجوتسكي في تدريس الرياضيات وبقاء أثر التعليم لدى طالبات الصف السادس بغزة* .الرسالة الماجستير في قسم المناهج وطرق التدريس بكلية التربية بالجامعة الإسلامية بغزة.

داورپناه، ا. (١٣٩٨ – ٢٠٢٠ ز). مطالعه تطبیقی اندیشه‌های ویگوتسکی و برونر در باب فرایندهای یاددهی–یادگیری .*مطالعات روان‌شناسی تربیتی*، ١٥)٣٥(، ٥٣–٨٢ .دریافت‌شده از: https://jeps.usb.ac.ir/article_5070.html

رشتچی، م. (١٣٨٩ – ٢٠١١ ز). بررسی نظریه ویگوتسکی از دیدگاه روان‌شناسی و ارتباط آن با مبانی نظری آموزش فلسفه به کودکان .*تفکر وکودک*، ١)١(، ٣–١٩ .بازیابی‌شده از: https://www.sid.ir/paper/510389/fa

زاده، ا. (١٣٩٩ – ٢٠٢١ ز). تحلیل تأثیر نظریه یادگیری مشارکتی ویگوتسکی بر توسعه مهارت‌های گروهی . *پژوهش‌های روان‌شناسی تربیتی*، ١٧)٣(، ٤٥–٦٢ .بازیابی‌شده از: https://sid.ir/paper/1361777/fa

Daniels, H. (2005). Vygotsky and educational psychology: Some preliminary remarks. *Educational & Child Psychology*, 22(1), 6–17. Available at: https://www.education.ox.ac.uk/wp-content/uploads/2019/10/Vygotsky-and-educational-psychology-Some-preliminary-remark.pdf

McLeod, S. (2024). *Vygotsky's Theory of Cognitive Development*. [online] ResearchGate. Available at: https://www.researchgate.net/publication/383241126_Vygotsky's_Theory_of_Cognitive_Development

Scott, S. & Palincsar, A. (2013). *Sociocultural Theory*. [online] The Gale Group. Available at: https://www.dr-hatfield.com/theorists/resources/sociocultural_theory.pdf

Shabani, K. (2016). Applications of Vygotsky's sociocultural approach for teachers' professional development. *Cogent Education*, 3(1), 1252177. Available at: https://www.tandfonline.com/doi/full/10.1080/2331186X.2016.1252177